# ناهاوسەنگی

هاشم سەڕاج

(١)
کە شەو دادێ کراسە سوورەکەی بەرت ڕەش ناچێتەوە
ڕاست نییە کە دەڵێن
کە شەو دادێ کراسە سوورەکەی بەرت ڕەش ناچێتەوە

(٢)
بە تێپەڕبوونی زەمەن جەستە
وەک تەرمێکی زیندووی لێ نایێ
ڕاست نییە کە دەڵێن
بە تێپەڕبوونی زەمەن جەستە
وەک تەرمێکی زیندووی لێ نایێ

(٣)
هەرگیز بادە یار و یاوەر و ڕووبینان
لە دەوری خۆی کۆناکاتەوە
ڕاست نییە کە دەڵێن
هەرگیز بادە یار و یاوەر و ڕووبینان
لە دەوری خۆی کۆناکاتەوە

(٤)
کاتێ دەچیتە مەیخانەی نووسەران پێویستت
بە دەمانچە قژزەردەکەی (بریتۆن) نییە
ڕاست نییە کە دەڵێن
کاتێ دەچیتە مەیخانەی نووسەران پێویستیت
بە دەمانچە قژزەردەکەی (بریتۆن) نییە

(٥)
مرۆڤ بوونەوەرێکی هەڵوەر و پڕ ئێرەیی نییە
ڕاست نییە کە دەڵێن
مرۆڤ بوونەوەرێکی هەڵوەرو پڕ ئێرەیی نییە
* * *
مرۆڤ بوونەوەرێکی لەخۆبایی و کەساس نییە



ڕاست نییە کە دەڵێن
مرۆڤ بوونەوەرێکی لەخۆبایی و کەساس نییە
* * *
مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕەوەند و لەناوچوو نییە
ڕاست نییە کە دەڵێن
مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕەوەند و لەناوچوو نییە

**٢٠٠٧/٤/٢٩**

## زەنوبیا

(١)

سێبەرت کەوتە ناو بادەم
مەست و سەرگەردان و گومڕا
بە شەقامە سپییەکانی شەو کەوتم

(٢)

دەبا زووتر بزانم
ئەستەمە دەسبەرداری ئاگرخانەی
ئەڤینت بم

(٣)

چاوم داخست
سێوەلاسوورەی ڕوومەتی وەک
چلچرایەکی سەرخۆش بریسکەی دەداو
دەنک دەنک دادەڕژا

(٤)

پەنجە ئاوییەکانی لەنێو
دەستم توانەوە
کاتێ سەرم هەڵبڕی
تەنکە ئاگرێکی نارنجی
لە باخچەی چاوە زەردەکانیدا
گەڵا شینەکانی درەختی زەمەنی دەسووتاند

(٥)

زەنوبیا
شەمەندەفەرێکی سوور هێنای
کراسێکی ئاودامانی وەنەوشەیی
لەبەردابوو
باسکە مەڕمەڕییەکانی
سپیتر لە بەفری خودا
دەتگوت ئۆڤیلیای نازدارە و جارێ
ڕۆحی سەرشێتی ئاو زەفەری بەجلی
زیوینی بوکێنی نەبردووە
لەپڕ
جانتا زەردەکەی باوەشی هەڵڕشت
ڕستێ مووروی پیرۆزەیی و تاج و تەورزین و
ئاڤێستا و شووشەیەک ژەهری هەلایل
پەرشی خیابانەکانی دڵ کران

(٦)

گوتم ئەی شازادەی ئیرەمی پیرۆزی خودا
دەورانێکی تر
هاڵاوی جەستەی ڕۆشنت
مانەندی حیکایەتە گەورەکان
دەبێتە پاژێک لە ژەنگ و ژاری
کەلەپوور

(٧)

ئەوان لەوێ بە پەرۆشی
تاشەبەردە سپییەکان دەکۆڵن و
بە بێ دەنگی پێدەکەنن
دواتر بێ ئەوەی بەخۆ بزانن
فنجان فنجان سوراحی سوراحی
ساغەر ساغەر
قاوەی کەسک
هەڵدەدەن و لەبیر دەکرێن!

(٨)

نە مانا کەوشەنی هەیە نە گەردوونی بێ کۆتایی
نە ئاگری سەوزی عیشق

(٩)

چەند حەزدەکا پرچی ڕەشی بداتە بەرباو
بەرووتی بەرامبەر میحرابی سروشت
سەما بکا و بەزەمەن بڵێ کێ موحتاجی
کراسی شینی ئەبەدە

(١٠)

دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ

عیشق زەنگیانەکانی فەڕ و شکۆی
بەسەردا دادەباراندین و زەنوبیا
دانتێلایەکی شینی قودرەتی لەبەر دابوو
بەزەردەخەنەیەکی نامۆوە
کایەی بەخشڵ و ڤیدا و
لێکسیکەکانی وشە دەکرد و
جار جارەش تاڵ تاڵ
قژی لە پەنجە شووشەکانی
دەئاڵاند و پێدەکەنی!
گوتم زەنوبیا ئەی زەنوبیا
نووسین کردەی نێچیرکردنی
پرشنگە جوانەکانی ڕوح و جەستەیە
لە بەندیخانە ئاڵۆزەکانی
فۆرم و شێوازدا
سڕو سەرسام سوور داگەڕاو
چەپکێ سروودی سپی بۆ ئاتەشگەی
(مزدا) چڕی و لەهۆش خۆی چوو

(١١)
کاتێ هەتاو لە ئاسۆوە هەڵات
سەیری شووشە ڕەشەکەی نێو باخەڵی کردو
بەقاقایەکی شێتانە لەخۆی پرسی
منی شابانوو چ دەکەم لێرە؟!

(١٢)
سوب سەحەر لە خەو ڕابووم
غەمگین و خومار
بازووبەندی بازووی زەنوبیام
هەڵدایە نێو
(هەوم)ی پیرۆز
گەردوون بەعیشق و بەخششی
ئاهورایی داگیرساو جەستەش
وەک لەتە کریستاڵێک لە
لیمۆی برۆنزی و ئەنەناسی سپی و
ئەقاقیای ئەبەنۆسی
بووە زاگەی عەتر و خرۆشان و جوانی!

**٢٠٠٧/٥/٧**